# ژیانی شێرکۆ بێکەس لە فیلمێکی دیکۆمێنتاری

فڕین بە ئاسمانێکی جیاوازدا، ناونیشانی ئەو فیلمە دیکۆمێنتاریەیە کە لە ژیانی نووسەرو شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس دەدوێت. وا بڕیارە لە هەفتەی ئایندە لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بۆ جەماوەری شاری سلێمانی نمایش بکرێت.

فیلمەکە لە دەرهێنانی سیروان ڕەحیمەو یوکسەل ئۆگورلۆ، کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجام داوە. کریستین نیگە مۆنتاژی کردووە، گ. مایکفلیت مۆنتاژی دەنگی بۆ کردووە.

فیلمەکە لە ماوەی ٨٢ خولەك تەوەرە گرنگەکانی ژیانی شاعیر دەگێڕێتەوەو لە ڕێگەی هۆنراوەکانی شێرکۆ بەسەرهاتی کورد تۆمار دەکات.


وێنەگرتنی دیمەنەکانی ئەم فیلمە بێجگە لە سلێمانی لە هەر یەك لە سەرگەڵو، بەرگەڵو سووردا‌شن لە وولاتی سویدیش گیراوە.

کاوە کافرۆشی یاریدەدەری دەرهێنەر دەڵێت" مەبەستمانە ئەم فیلمە ببێتە نەریتێك، پێش ئەوەی هونەرمەندو نووسەر لە ژیان نەمینێت، ڕێزی لێبگیرێتو بەرهەمەکانی بەرز بنرخێنرێت".

کافرۆشی لە درێژەی قسەکاندا ئاماژەی کرد کە فیلمەکە بێجگە لە کوردستان بڕیارە لە هەندێك لە کەناڵەکانی ئەورووپا نمایش بکرێت. " بۆ ئەوەی بینەری بیانی بزانێت کە کورد جگە لە شەڕو تفەنگ هونەریشی هەیە".

لەلایەکی ترەوە بۆ ڕێزلێنان لە مێژووی ئەدەبی بێکەس، سەنتەری ڕاگەیاندنو روناکبیری ژنان ئەرکی نمایشو چاپکردنی پۆستەری فیلمەکە لە خۆ دەگرێت.

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٦/٩/٧ کاتژمێر ٦ی ئێوارە نمایش دەکرێت.




# ئاگاداری

سەنتەری ڕاگەیاندنو روناکبیری ژنان – بارەگای ڕۆژنامەی (ڕێوان) لەسەرەتای مانگی (٩) دا دەگوازرێتەوە بۆ تەنیشت شوقەکانی ئاشتی، بەرامبەر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان.



# بەریتانیا تاکسی مۆر تەرخان دەکات بۆ ژنان

بۆ یەکەمجار لە لەندەن پایتەختی بەریتانیا، کۆمپانیایەکی تایبەت بۆ گواستنەوەی ژنان بە تاکسی کرایەوە. تاکسییەکان ڕەنگی مۆر کراون، بە تەنها ژنانیش سوار دەکاتو ژنیش لێی دەخوڕێت.

ئەم بیرۆکەیە وەك ئێما تریمبلی ووتەبێژی کۆمپانیاکە ئاماژەی پێدا دەرهاویشتەی ئەو حاڵەتانەیە کە دەستدرێژی سێکسی لێکەوتۆتەوە کاتێك کە ژنان شەوانە تاکسی بەکاردەهێنن.

# درامای بێهۆش

## پڕفرۆشترین فیلمەکانی بازاڕە

فیلمی دۆبلاژکراوی بێهۆش، دواهەمین بەرهەمی رادیۆی دەنگی نوێیە، کە لەزمانی فارسیەوە دۆبلاژکراوە بۆ کوردی، لەراپرسییەکدا کە دەنگی نوێیە بەناو بازاڕی فیلمدا لەسلێمانی ئەنجامی داوە، بێهۆش پڕفرۆشترین درامایە، ئەم فیلمە لەدەرهێنانی ئارش معریانی، ماوەکەی ٨٥ خولەکەو گروپی بەشی دۆبلاژی رادیۆی دەنگی نوێ ئەرکی دۆبلاژی گرتۆتە ئەستۆ، قەیسەر ڕەحمان

سەرپەرشتیاری بەشی دۆبلاژ وتی "تائێستا دوو کارمان تەواوبووە، بێهۆش کەوتۆتە بازاڕو ئەوی تریان فیلمی دڵەکانی هیندستان) ە، بڕیارە لەمانگی ٩ بکەوێتە بازاڕەوە، ماوەکەی ١٠٤ خولەکەو درامایەکی سیاسیە باس لەرۆڵی راگەیاندن دەکات لەململانێی لەگەڵ دەسەڵات، ناوبراو ئەوەشی وت کە کۆمیدیای فەرەنسی (بێ دەنگ) لەدەرهێنانی فرنسیس ووبر تازەترین کاری ئایندەیانە.

ئا/ بەلێن

# هاتنە ژوورەوەی پیاوان قەدەغەیە!

نواری

ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە نوسراوی ناویەکێك لەڕێکخراوەکانی ژنان بوو لەهەولێر، کە جگە لە دەماگیری هیچی دیم لەپشتیەوە نەدی، ئەم دەمارگیریەش گەر لەکەسێکی ئاساییەوە بێت ئەوەندەی کە ستراتیژی ڕێکخراوێك بێت ترسناك نیە،

دیارە دەمارگیری نەك بەتەنها هەندێك لەڕێکخراوەکانی ژنان بەڵکو زۆربینەی تاکی کۆمەڵگا بەگشتیو ژنان بەتایبەتی گرتۆتەوە کە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە ولەگۆشەیەکی وادا بواری باسکردنی نیە، ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە قسەکردنە لەسەر ئەو دەستەواژەیەی سەرەوە ، زیانێکی زۆر بە خەباتی ژنان دەگەیەنێت، بەتایبەت کە ئەم خەباتە لەکۆمەڵگەیەکدایە تا ئەمرۆش ژن بوون یەکسانە بەکۆیلەبون، یەکسانە بە روتبونەوە لەماناکانی مرۆڤ بوون، ئەم دۆخە کۆمەڵایەتیە نەك خەباتکردن تیایدا سەختە بەڵکو هوشیاری دەوێت راستیەکان دەکاتە بنەمایی گەیشتن بەئامانجەکان، ئێمە کە دڵنیابین لەوەی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوە دەبێت لەیەکگەیشتن هەبێت کەواتە ناکرێت لە چاوگەی زوڵم و ستەمەکانی زۆر لەپیاوان خەباتی ئینسانیمان ئاراستە کەین، ئەمرۆی خەباتی ئێمەش پێویستی بە مامەڵەکردنێکی هوشیارانە هەیە بۆگۆڕینی ئەو تێڕوانیانەی، زۆر لەپیاوانی ئەم کۆمەڵە پێیان وایە کە ژنانی ناو ڕێکخراوەکان و ئەوانەی سەبارەت بەم مەسەلەیە دەنوسن، ترسناکن و سەنگەر لەپیاو دەگرن، بەڵکو دەکرێت ئەوە ببێتە قەناعەت کە منی مێینە و ئەوەی نێرینەی پێکهێنەری کۆمەڵین ئیفلیجی هەریەکێکمان بە مانای ئیفلیجی کۆمەڵگەیە.

ڕێوان

# پرسیاری بەرنامەی "رازو نیاز" بێ برا کە لە شەوی ١٨/١٧ی ٢٠٠٦/٨ ڕۆژی هەینی پێشکەشکرا

## ماڵی بێ چرا.. خوشکی




## بەڕێوەبەری کەناڵی زاگرۆس، ئامانجی ئەم جۆرە قسانە لە بەرنامەیەکی لەم جۆرەدا چییە؟

# دڵنیا ڕەزازی

## سێدیەکەی دایکی تەواو کرد

دڵنیا ڕەزازی تازەترین بەرهەمی مەرزیە فەریقی دایکی، کەبەر لە مردنی ئامادەی کردبوو تەواو کردو لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بازاڕەوە.

سێدێکە لە شەش گۆرانی پێکهاتووە بە دەنگی دڵنیا تۆمار کراوە، هۆنراوەکانی بریتییە لە شیعری شاعیران مەهاباد قەرەداخی، زیاد ئەسعەد، کەژاڵ ئەحمەو فەقێ عەبدوڵا، سەرجەم ئاوازەکانی هەڵکەوت زاهیر دایناوە.

هونەرمەند ناسری ڕەزازی لەچاوپێکەوتنێکی لە سایتی پەیامنێر ڕایگەیاندووە کە ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی ئامادەکردنی ئاوازو هۆنراوەی سێدێکە بوون، ئەگەرچی هونەرمەند مەرزیە فەریقی کاری مۆسیقاشی بۆ تەواوکردبوو، بەڵام مەرگ نەیهێشت تەواوی بکات، بۆیە ناسر داوا لە دڵنیای کچی دەکات وەك وەفایەك بۆ دایکیو هونەرەکەی تەواوی بکات.

سایتی پەیامنێر